# میژووی ئەوان و میژووی ئیمە!

## ووتەیەکی کورد لەیادی راپەرین و شووراکانی ئازاردا!

**خەسرەوسایە**
k.saya@ukonline.co.uk



مانگی ئازار هەرسالە، بیرەوەرییەکانی راپەرین و رووداوەکانی دواتر لەمیژوەیەکی کورتدا، کەبوویەتی دینیتەوەیاد. دیارە ئەم بیرەوەرییانەو ئەم رووداوانە لەو بارەوە گرنگن کەخەلکی کوردستان چ راستییەك لەم میژووەیان وەردەگرن تا وەك دەستکەوتیك بۆژیانی ئیستا و داهاتوویان لەخەباتی شووڕشگیرانەی خۆیاندا بەکاری بەرن. بەلام نەلیکدانەوە و نە تەفسیرو نەئەنجامگیری هەمووان لەراپەراین و رووداوەکانی مانگی ئازار وەك یەك نییە. ئەمەش خوی رەنگدانەوەی چینایەتی بوونی کۆمەلگای کوردستان و لەئارادابوونی جیاوازییەکی چینایەتییە. ئاخر بیهۆنییە کەئەم رۆژانەو پەیتا پەیتا دەزگا راگەیاندنەکانی یەکیتی وپارتی بۆبەلاریدابردنی هۆشی خەلك لەراستییەکان و شیواندنی ئەم میژووە، بەزمانی کوردایەتی و پیشمەرگە وخەباتی شاخ ونەخشەکانی پشتی پەردەی ئەودیوسنوری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، بدوین و ئیتر بەهیچ کلۆجیك باسی جموجۆلی خەلکی شارو خەباتیك کەکریکاران و زەحمەتکیشان و ژنان و لاوانی ئازادیخواز و گروپ و ریکخراوە چەپەکان کەهیزی بزوینەرو سەرەکی بوون، نەیتە سەر زاریان! ئاخر بیهۆنییە، باس نەکریَ لەراپەراندنی خەلك و هینانە سەرشەقام و دەستبردن بۆچەکی ئەو دەیان هەلسووراوە لاوە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەی کەهیچ پەیوەندیکیان نەبە"خەباتی شاخەوە"بووە وەنەبۆ وەلامدانەوەبە هاژو هۆژی "ئەی رەقیبی رادیوکانی شاخەوە" دەوریان گیرا! بیهۆ نییە هەوالەکانی کۆبوونەوەی گشتی جەماوەر لەمەیدانی شارو لەنیو گەرك و لەکارگەو دامەزراوەکاندا، لەکارگەی ئەلبیسەو جگەرەو رستن وچینن و دەواجن و بەریوەبەرایەتی شارەوانی و پەروەردەو نەخۆشخانەکان و قوتابخانە ودەیان جیگای تردا نەیەتە سەر زار و ئاماژە بەهەلبژاردنی ئازادانەی نیونەرانی خەلك و لابردنی مودیران و کاربەدەستانی پیشووی رژیمی بەعس نەدری.!! بیهۆنییە کە نەوینەیەك و نەفلیمیك ونەدەنگ ونەووشەیەك لەسەر خۆپیشاندانی شوراکان و ئاپوورەی سەدان هەزار کەسی یادی هەلبجەی سەرای سلیمانی کەلەلایەن هەلسووراوانی شووراکانەوە سازدرا، نەبیتە میوانی شاشەی تەلەفزیۆن و کەنالەکانی ئاسمانی ورادیوو بلاوکراوەکانی یەکیتی و پارتی و هەردوو حکومەتەکەی هەریمی کوردستان! تەنانەت بیهۆنییە کەهیچ باسیك نەلەدەرگیری و روبەروو‌بونەوەی نیوان شوراکان و بەرەی کوردستانی ئەو کات ونەلە دانسوسان و دانیشتنەکانی نیوان ئەم دولایەنە ناکریَ.!. دەلیَی ئەو رووداوانە و ئەورووژانە سایەقەی سامالی تەنهای "پیشمەرگەی دیرین و شاخی" و"سەرکردە ئاودیوکراوەکانی" بەری کوردستان بوون!!. سەرەنجام بیهۆنییە کەبەوپەری بیلیاقەتی ودرۆ هەلبەستنەوە هەموو ئەم رووداوانە تەحریف بکرین و ناشیانە ریوایەتیکیتر لەم میژووە پیشکەش بەخەلکی ئەمرۆی کوردستان بکری.!! ئەمە هۆنەریکە کە ناسیونالیزمی کورد وسەرانی ئەمرۆی کوردایەتی و حیزبەکانی بۆبەرژەوەندی خۆیان پیویستیانە. چونکە ناسیونالیزم و کوردایەتی لەسەر بنەمای پوچ ودرۆسازی میژوو دامەزارەوە، تا "نەتەوە"یەك بسازین و سازاندنی نەتەوەش بکەنە پیشمەرجی دەسەلاتیك بۆخویان و چینەداراکانی کوردستان.

بەلام لەکەنار ئەم تەحریفات و درۆسازییەی ناسیونالیزمی کوردەوە، ئیمە کۆمۆنیستەکان و کریکاران و خەلکی هەژارو ژنان و لاوانیك کە تینوی ئازای و رزگارین لە جەورو ستەم و نابەرابەری، بەپیی بەرژەوەندی خومان تیروانین و لیکدانەوەیەکیترمان لەم میژووە و رووداوەکانی هەیە، بۆئیمە باسی راپەرین و روداوەکانی ئازار بەبی باسی شوورا وگیرانی دەوری جەماوەری خەلك لەم رووداوانەدا کردەیەکی مەحالە، بەتایبەتی کەبەلگەنامەکانی ئەم حەرەکەتەو ئەم بزوتنەوەیە نوسراو وتومارکراون ورابەران و هەلسوراوانیشی هیشتا لەژیانداماون. کەوایە هەلەمان نەکردووە ئەگەر بلین یادی راپەرین و گیرانەوەی میژووی مانگی ئازار لەراستیدا دوومیژوو دەخاتە پیشچاو. میژووی ئەوان و میژووی ئیمە.

### میژووی ئەوان و میژووی ئیمە:

ئەوان راپەرین بەبەرهەمی خەباتی شاخ و پیشمەرگەو کوردایەتی وبەرەی کوردستانی دەبیننەوە، کەلەپشتیەوە سیاسەتی خۆبەستنەوە بەئەمریکا وچاوتیبرین لەوەی کەتانك وگولەتۆپی هیزە هاوپەیمانەکان رژیمی صدام دەروخینی ودەسەلات لە کوردستان بەوان دەدری.. بەلام بۆئیمە، راپەرین کردەوەی جەماوەری شارنشینی خەلکی کوردستان بوو کاتیك کەلەتەوازنی نیوان خۆیان و رژیم بەوئاستە گەیشت کە ئەتوانن بزوتنەوەیەك لەخۆنیشان بدەن کەبۆرزگاربوون لە سەرکوتگەری وکوشتارو ئیعدام ونەهیشتنی ستەمی نەتەوایەتی‌یان پیویستە. بەم جۆرە خەلکی کوردستان بەئۆمیدی ئازادی و خۆشبەختی و نەمانی جەوروستەمەوە چاویان لەراپەرین کردو تیایدا بەشداریانکرد.

لەم رووداوانەدا ئەوان میژوویەکیان بەری خست کەسەرەتاکەی بەتالانی و راو وروت وئاودیوکردنی "شۆفل" وبەتالکردنەوەی بانك ومەخزن و بەریوەبەرایەتیەکان وتەنانەت بەتالانبردنی دەرمانگەو پیویستی نیو نەخۆشخانەو زانکۆکان دەستیان پیکردو لەکەنارەوە"کۆمیتەکانی ئاسایش" و راگرتنی زیندان وئەمن ودام ودەزگای جیماوی رژیمیان بەبەرپرسیاران و مدیرانی بەعسی‌یەوە بەئیرس برد وهەموو ئەو بەلگەنامانەشیان لەخەلك شاردەوە کە"فایلی رەشی" سەرانی کوردایەتی تیا هەلگیرابوو. تەنانەت ئەوان کەوتنە هەلدرینی سکی"دیل" وبەناوی "گیرانەوەی شەرەفەوە" یەکەمین پەلامارەکانی کوشتنی ژنانیان بەری خست ولەولاشەوە میلی چەکیان لەژنان و پیاوانی شووراکان راکیشاو خویان خستە بەرامبەر خوپیشاندان و ئەو خەلکەوە کەبۆگرتنە دەستی کاروباری خۆیان لەگەرەك و کارخانەکاندا لەشووراکاندا ریکخرابوون... کاتیکیش ئەمریکا بەلای رژیمدا بایدایەوە ئەوان هەلهاتن و ئاوارەیی و کارەساتە تال ومەرگبارەکانی سەرسنور و مامەلەی پاسداران و دەزگای ئیتلاعاتی ئیرانی ویۆئینیان کردە نەسیبی خەلکی.

بەلام ئیمەچی! لەمیژوودا ئیمە وخەلك یەکەمین کارمان ئازادی زیندانیان و تیك وپیکدانی ئەمن و دەزگاسەر گوتگەری‌یەکانی رژیم بوو، هاوکات شوراکانمان پیکهینا و خۆمانمان تیدا ریکخراوکرد، تائەرکی بەدەستەوەگرتن وریکخستنی ژیانی شارو گەرەك و دامەزراوەو کارگەکان لەئەستۆ بگرین وکاروباری کۆمەلایەتی بەشیوەیەکی ئازادانەو هوشیارنە لەلایەن خەلك خۆیەوە بەریوەببری و ئیتر ریگایەك نەمینیتەوە بۆ دەسەلاتیکی سەروخەلکی. هەرئەوکات ئیمە بزوتنەوەیەك بوین بۆپاراستنی ئەمنیەت و ئازادی خەلك و حورمەتی ئینسانی هەمووان، هەولیکبووین بۆکۆنترۆلی مومتەلەکاتی گشتی نیو نەخۆشخانەو زانکو وکارگەو بەریوەبەرایەتی‌یەکان، بزوتنەوەیەك بوین بۆ لابردنی مودیران و کاربەدەستانی پیشووی رژیم و گیرانەوەی ئیختیار بۆ خەلك لە شوینی کار وژیانیدا. هەولیك بووین بۆ چەکدارکردنی ژنان و لاوان بەرووی کونەپەرستی ودواکەوتوویی و هەرجۆرە دەست دریژی‌یەك بۆسەر ئینسانەکان. .. کاتیکیش ئەمریکا چرای سەوزی بۆرژیم هەلکردەوە، ئەوە ئیمە وشوراکان بوین کەبەهیزیکی کەم وبیئیمکاناتی‌یەوە لەبەرامبەر پەلاماری سوپای بەعسدا راوەستاینەوە و بانگەوازی بزوتنەوەی بەرگری چەکداریمان بەگوی‌ی کۆمەلگادا چرِی.

بەلام میژوو پەیوەستەگی هەیە و زنجیری رووداوەکانی خوی لەرابردووەوە تائیستا، ئەلقەکانی یەك بەدوای یەکدا رتدەکێشێت. هەربۆیە راپەرین و رووداوەکانی دواتریش بەهەر باریکدابیت ناتوانی لەدەسپیکی بزاوتن وکارنامەیەی هیزەبەشدارەکانی نێوی داببریت کەتائەمرۆ 15 سالی تیپەراندووە.

## 15 سال دوای را پەرین :

کارنامەو راستی‌یەك کەئەوان وەك بەرهەمی راپەرین نیشانی ئەدەن هیندە بۆگەن و رەشە کەماهیەتەکەی نەهەوای کوردایەتی و نەبزواندنی شعوری قەومی ونەبەسرود وئالاو موقەدەساتی نەتەوەیی دادەپۆشری. ئەمرۆ هەرئینسانیکی سادە و هەر میژوونوسیك ئەگەر لەسەر لوتکەی راستی وتن و ویژدان راوەستی وبەهەموو ئەو رووداوانەدا بچیتەوە کە15 دوای راپەرین میژووی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد گوزارش دەکەن شتیکی‌تر نابیین جگەلەشەپۆلیکی کۆنەپەرستی و دژی ئینسانی وئازادیخوازی. لەم میژوودا کوردستان کرایە یەك ئۆردوگای ئاوارەیی و خەلکەکەی لەسەرگەردانی وبیدەرەتانیدا بەدیار یەکلابوونەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە راگیراو کلیلی قفلی نان وئەمنەیەتی خرایە نیودەستی تاقمیکی چەکدارەوە کەبەتەواوی نامۆبوون لەگەل ژیانی مەدەنی وشاری خەلکدا. شەری ناوخۆ نەك هەر تارادەی "براکوژی" یەك رۆیشت کەبیشەرمانە "لەشکری بیگانە" وتەنانەت خودی حکومەتی بەعسی هینایەوە بۆسەر ژیانی خەلك بەلکو کوردستانی دابەشکرد بەسەر کانتۆنەکانی پارتی ویەکیتی‌دا. برسیتی و هەژاری ونەبوونی کوشتن وجیهیشتنی ولات وبیسەرەوبەرەیی بووە حالەتیك کەهەمووان ناچاربکرین بەدیار خیروصەدەقەی ریکخراوە بیانی‌یەکانەوە چاولەدەستبن. لەولاشەوە "مەسئولی حیزبی" ریگایەك بوو بۆگیرفانپرکردن ودەولەمەندبوون. تیرۆرو ئینسان کوژی وپەرەگرتنی کۆنەپەرستی ئیسلامی تا رەشەکوژکردنی ژنان ولاوان و خەلکی ئازادیخواز، تاپەلاماردانی ئازادی‌یە فەردی ومەدەنی‌یەکان، بوونە حالەتیکی باوی ژیانی کۆمەلگا.. کاتیکیش باسی پەرلمان و حکومەت هاتەئاراوە هیچ شتیك لەقانونەکانی بەعس و تەنانەت سیستەمی ئیداری وبەریوەبەرایەتی‌یەکان گۆرانیان بەسەردانەهات... لەهەموو ئەمانەدا فرسەتیش زۆربوو

بۆئەوەی کوردستان ببیتە دەولەتیك و خەلکیش لەکایە وسات وسەودای دەولەتانی ناوچەیی وئەمریکا دەربکیشری و ژیانیکی سەربەخۆو ئازادەیان بەنسیب بیت. بەلام 15 سال دوای راپەرین ئیستا ئەوبەرهەمەی بەدەست هیناوە کە کوردستان و داهاتووەکەی لەنیو شەری تایەفەگەری وداگیرکار و نائارامی وشەری تیرۆریزمدا راگیراوە و سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد پەیتا پەیتا پەیمان دەدەن بەدیار سیاسەتەکانی ئەمریکاوە راوەستن و هەموو هەست ونەستی خۆیان پیشکەشبکەن چونکە لەمریگایەدا کوردستان فیدرال دەبیتەوە. فیدرالیزمیك کە بەپیی دەستوری ئیسلامی وعروبی بریارە مافی هەولاتیان پیناسەبکات. ئەمە ئیتر گەرانەویە بۆسەرەتای تونیلیك کەئیلحاقی کوردستان بەدەولەتیکی ئیسلامی وشۆڤینیستی‌یەوە بەدواوەدەبی وچارەنوس وژیانی خەلکەکەی دەباتەوە سەرەتای کیشەیەك کە ئەنفال و کیمیاباران و کوشتاری بەکۆمەلی لیکەوتەوە. لەمنیوەدا ئەوەی بۆخەلك بەدەستکەوت دەبنیری تەنها دەسەلاتیکی گەندەلە کەلەسەر سەری ژیانی فیرعەونی تاقمیکی پارەدار و مشەخۆر خەوتووە کەجیاوازی سەروت و سامانیان لەگەل هیچ بەشیکی دانیشتوانی کوردستاندا بەراورد ناکری.. ئایا بەراستی بەم هەموو کارنامەیەو بەم هەموو راستی‌یانەی ناسیونالیزمی کوردەوە ئەگەر بکری خەلکی کوردستان لەم میژووەدا بۆدواوە بگەرینەوە، ئامادەدەبن جاریکی تردەست بۆراپەرینیك ببەنەوە کەبەهۆیەوە ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی تیا بەدەسەلات بگەنەوە؟

ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی ئیمتحانی خویان دا. دوای 15 سال راپەرین، هەستانی خەلکی رانیەو کەلار و ئاکری وەلامی خەلکی کوردستانە بەو پرسیارەی سەرەوە. وەلامیك کەبەلگەیە بۆئەوەی خەلکی کوردستان کەوتونەتە دەورەیەکەوە کەخۆیان لەبەرامبەر دەسەلاتی ناسیونالیستی کوردا ببینەوەوە. هەروەها پەیامیکیشە بۆ گیرانی دەوری ئیمە وخەلك تا چیتر کایە بەچارەنوسی کۆمەلگاوەنەکری.

بەلام ئیمە چی؟ 15 سال دوای راپەرین ئیمە هەروەك چۆن لەنیو شوراکانەوە بەئالای ئازای و یەکسانی وئیرادەگرتنی ئینسانەکانەوە هاتینەمەیدان، هەروەك چۆن ریزیك بووین لە بزوتنەوەی یەکسانی خوازی بەدژی هەلاواردنی ژنان ودەرگامان لەسەر ریگای خەباتی رزگاری کرکیاران و خەلکی زەحمەتکیشمان بەدژی زۆلم و نابەرابەری کۆمەلایەتی خستەسەرپشت، هەروەك چون بزوتنەوەیەکمان هینایە مەیدانەوە کە سەربەخۆی کوردستان و دامەزارندنی حکومەتیکی سکولار و پشت بەستوو بەئیرادەی جەماوری ریکخراو لەشووراکاندا (کەهەم یاسا دانەربن و هەم بەریوەبەرانی)، ئاوەهاش ئەم بزوتنەوەیە و ئالاکەیمان بەدژی جەنگ و کوشتاری ئەمریکاو پەلامارەکانی ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی چەوتی ناسیونالیزمی کورد بەرزراگرت. راستە دوای 15 سال تیپەرین بەسەر راپەرین و شووراکاندا، هیشتا ئیمە نەچوینەتە دەسەلاتەوە و نانی خەلك بەدەست ئیمە نی‌یە. تەنانەت راستە پیشرەوی ئیمە و دوژمنانی خەلك هەرگیز بەراورد ناکری، بەلام ئەو راستی‌یەی کە لەم 15 سالەدا سەبارەت بەئیمە و خەلك وشوراکان دەسەلمینریت ئەوەیە، کە بەرەی ئیمە بەری راستی وئینسانی‌یە، بەرەیەکە کەئەگەر لەم میژوە دەربکیشریت هیچ شتیك نامینیتەوە جگەلە ناراستی ودرۆو وئینسان کوژی..

بەلام باسی راپەرین و شوورا و ئیمە وئەوان ناتەواو دەبی ئەگەر بیرەوەری‌یەکانی ئەم رابردووە نەمانباتەوە سەر لەدەرگادانی داهاتوویەك کەلە چاو ئیستادا جیاوازی بنەرەتی هەیە.. بۆئەمەیان ئیتر تەنها ئەو بەرنامەیەو ئەو پەیامە بەدیلی خەلکی کوردستانە کە شووراکان لەنیو راپەرینەوە رایان گەیاند.

## دلی شووراو پەیامەکەی زیندووە:

خەلکی کوردستان ئەگەر بەجیا لەبۆرژوازی کورد و بزوتنەوەی ناسیونالیزم و حیزبەکانی‌یەوە لەژیانی خۆیان بروانن، ئەوا تەنها ئەنجامیك کەلەراپەرین ورووداوەکانی دواتر و تەنانەت لەتەجروبەی 15 سالی رابردوو دەبی وەری بگرن ئەوەیە کەداوای بەرهەق و ئینسانی خەلك، داوای رزگاربوون لەبەلای قەومی و بەدیهینانی ژیانیکی ئاسوودەو ئارام، داوای عەدالەتی کۆمەلایەتی و ئازادی وخۆشگوزەرانی، لەریگای بزوتنەوە ئەحزابیکەوە بەدی نایەت کەخۆیان لەسەر بەرنامەیەکی جیاوازی چینایەتی راوەستابن وبۆقازانج وکۆکردنەوەی سەرمایەی زیاتریان ئامادەبن دەست بۆکۆنەپەرستترین ودژی ئیسنانی ترین سیاسەت بەرن. هەروەك وتمان ناسیونالیزمی کورد ئیمتحانی خۆی داوە ریگاو سەنگەری نەك هەر بەدیهاتنی ئاوات وئارەززوەکانی خەلکی کوردستان نی‌یە بەلکو خویان لەمپەریکن لەسەر ئەم ریگایەدا. هەربۆیە دەبی بریاری خەلکی کوردستان جیاکردنەوە ریزی خۆیان بیت لەم بزوتنەوەیە وحیزبەکانی.. ئەوان ریگایەکی تریان لەبەرە، ریگایەك کەیەکەمجار لەمیژووی کوردستاندا شووراکانی ئازار ئالاکەیان هەلکرد. دلی شووراو پەیامەکەی زیندووە، نان و ئازادی وسەربەخۆیی .. ئەمە مانای ئەو بەدیلەیە کە دەتوانی خواستەکانی کۆمەلگای کوردستان بەکوترین شیوە بەیانبکات و لەریگای دەسەلاتداریتی جەماوەری ریکخراو لەشووراکانی خۆیاندا بەدیان بهینی. شووراکان کەبزوتنەوەیەکبوون بۆئازادی ویەکسانی، بزوتنەوەیکبوون کەبەقولی پشتی بەجەماوەر ودەخالەتی ئەوانەوە بەستبوو نمونەی هەرەبالای دیموکراسی جەماوەری لەخۆدا نیشان دا، نمونەیەك کەنەگەندەلی ودزی ونەبیمافی وپەلامارو پشیوی کۆمەلایەتی جیگای تیا دەبیتەوە و نەریگادەدات بەرپرسیارانی حیزب بۆگیرفاپرکردنی خۆیان دەسەلاتداربمیننەوە. مادام خەلکی کوردستان ژیانی مەدەنی

وسكولاريان دەوی ولەکەنار خۆشبەختی وپیشکەوتنی کۆمەلایەتی‌دا رادەوەستن ئەوە شووراکانن کە تەعبیرن لەم خواست وئومیدانە.. هەربۆیە دلی ئەوان وپەیامەکەیان زیندووە.. لەسالیادی راپەریندا، راپەرین بەبی ئەم شورایانەو پەیامەکەی هیچ نییە جگەلەتاریکستانیك کە ناسیونالیزم و حیزبەکانی موقەدەراتی خەلکیان گرتۆتەتەدەست.. کەوایە بژی شووراو پەیامەکەی تاراپەرین بەزمانی راستی‌یەوە میژووی خۆی بنوسیتەوە.

2006/3/14